Alto

ئەم ووشەیە کە لە زمانی ئنگلیزیدا بە کورتکراوە ی(A.)دەنووسرێت ، بە چینی دەنگە گرەکانی ئافرەت دەووترێت ، کە وەک ئاشکرایە سەرجەم دەنگە مرۆییەکان بەپێی رەگەزو سروشتی دەنگییان بەسەر چەند جۆرو شێوە دەنگێکی جیادا دابەش دەبن کە سروشتی ئەو دەنگانەش لە نێوان دەنگی (تیژ) و دەنگی (گر) دا دەبن کە دەست نیشانکردن و ناساندنی هەر یەک لەم جۆرو چینە دەنگییە مرۆییانە بە پێی زانستی فیزیایی دەنگیی و موزیکیی ئەنجام دراوە .

چینی دەنگی(Alto)واتا (چینی دەنگیی گرِی ئافرەتان) لە فۆرم و شێوازە گۆرانی ئامێزە بە کۆمەڵەکاندا بۆ نمونە (کۆراڵ) یا (گۆرانی کۆمەڵ) دا رۆڵێکی فراوان دەبینێت لە پاڵ چینە دەنگییە مرۆییەکانی تردا .

مەوداو توانی دەنگیی ئەم چینە دەنگییەی مرۆڤ بریتییە لە نزیکە ی(12) دەنگی موزیکیی یەک بەدوای یەکدا هاتوو، کە لە دەنگی (سۆڵ) دەست پێدەکات تا دەنگی (ڕێ) ، ئەمیش کاتێک کە کلیلی موزیکیی (دۆ) یا کلیلی (ئاڵتۆ) بۆ نوسینی نۆتەکانی ئەم چینە دەنگییە بەکار دێت . لە نمونەی نۆتەکەدا بە ڕوونتر مەودای دەنگیی ئەم چینە دەنگییە مرۆییە دەبینرێت .

نمونە : مەودای چینی دەنگیی (ئاڵتۆ)



Muzic-Chrakan
2005